

# تا قیامەت سەرخەوێك ئەشكێنێ
# نزام بە برووسكەیەكا ئەگەیەنمە خوا

**كاردینای سپی**

بەدیار دواین گریانی درەختێكەوە
خەیاڵ رەنگی لافیتەیەك پڕ ئەكات لە مردن
رووتبوونەوەی سپێدەیەك
گومانێكی كوشندە ئەخاتە دڵێ كزەبایەكی پیرەوە
تا گیرفانەكانی گێلاسێك بپشكنێ
كە لەزەتی یەكەمین بینینی بارانی لە ستیانە سوورەكەیدا حەشارداوە
حورمەت لە جۆگەلەی كۆڵانێكدا
بەرەو قەبرسانەكانی ئاوابوونی شەرەف رێ ئەكات
خۆم لە بارانی ئەم گوناهە ئەشارمەوە
چاو ئەبڕمە كەلاوەكانی حەقیقەتو
بەفری كوژراوی ئەم وەرزەش
لە كاتی پژانی زمانی ئاسمانا
لەسەر سنگی گەڵایەكی گریاو جێ ئەهێڵم
بە ئەسپایی شوێن ئەو خەونانە ئەكەوم
كە پایز ونی كرد
ئینجانەیەكی شكاو لەگەڵ دەنكە گڵی بیرچوونەوە حەشاریدا
ئەو دەمە
گەڵا كوژراوەكان لەژێر باڵی دۆزەخا
بەدەم ماچێكی بەهارییەوە بەهەشتیان لە روانین خست
من بێدەنگیم لە باوەشی كاتژمێردا دەرئەهێنا
تۆ خەریكی تكاندنی ئابڕووی بەفربووی
تا قیامەت سەرخەوێك ئەشكێنێ

من پاشماوەی حورمەتی -با-
لە ناو کیسەیەکی دراوا هەڵئەگرم
جێ پێی شەقامێکی ئەتککراو
لە ناو فەقیانەی درەختێکی مردوودا حەشار ئەدەم
گسك لەم بێدەنگییە پژاوە ئەدەمو
مۆسیقایەك ئەهێنمە قسەو
حەڵاڵترین گوناە رائەچڵەکێنم
تا هەواڵی گەیشتنی ئەو ماسییانەی بەپێ خاوسی هەڵهاتن
بەسەر باڵی تاریکیدا
بنێرمە لای ئەو شاتووە کچانەی
ئاوزنگی خوێن لە جەستەیان ئەچۆڕێ
ئاخر من
نە زمانی ئاو
نە چاوی ئاشکرابوونم پێ ئەگیرێ
مەستبوونی گەڵایەك حەزی تەرزەیەك ئەمترسێنێ
جنێوی پەرداخێك تینوێتیم بیر ئەباتەوە
وڕێنەی بروسکەیەکی یاخی
کچانەترین خەونم
فرێ ئەداتە حەوشە تاریکەکانی مەحشەرەوە
خەندەی تەزیوی بەفرێك لە ناو ئەلبوومێکی سووتاودا
سەرنج رائەکێشێ
چاو بۆ نهێنییە ترساوەکانی ئەودیو پەنجەرەکانی موسیبەت رابخەم
پریاسکەیەك لە تەنیایی بدۆزمەوە
بچمەوە سەر ئەو ڕێگایەی
شۆڕەبییەك بەدەم شیوەنەوە پێئەکەنێ
لەبەردەم دیوارە رەشۆبووەکانی مردنا ئەوەستم
تا تاریکیی شەو گڵاو ئەبێت
خوێنی سپێدەیەك لەسەر جێگەی حەزی کوونەپەپوویەك ئەڕژێ
تا حەرامکردنی قریشکە
نهێنیی سەر تاقە تۆزاوییەکانی ترس سك پڕ ئەکاو
سەمای رووبار لەبیر گەڵا ئەباتەوە
من چارەنووسی -با-
بەسەر جۆلانەیەکی ترساوا هەڵئەواسم
دەستی هەڵاتن ئەگرمو
خەونی دەرگایەکی عاسی
لەسەر مێزی باران
جێ ئەهێڵم بۆ خوا.